# گفتوگۆی گۆڤاری زنار لەگەڵ ئیدریس عەلی

**ئا :سدیق عەلی**

لە فیستیڤاڵی لاواندا چاوم پێیکەوتو بەرێکەوتیش جارێك لە رۆژنامەی ئالاُی ئازادی قسەم لەگەڵ کرد، ئەویش ناوی منی دەزانیو لەوێوە دەرگای ئاشنایەتی ئەوم بەڕوودا کرایەوە، ئیدریس عەلی، کە ئێستاش بەهۆی هاوناوی باوکمانەوە زۆر کەس پێیان وایە برامە، بەلاُم ئەو خەڵکی هەڵەبجەیەو لە سلێمانی دادەنیشێتو منیش رانیەییم .دوای تەواوکردنی خوێندنو کارکردنم لە رۆژنامەی ئالاُی ئازادی، زیاتر لە ئیدریس نزیك بوومەوە، ژیانی ئەو جگە لە شاعیریەتەکەی، تایبەتمەندی خۆی هەیەو تا لێیەوە نزیك نەبیت، نازانی چۆن بەرنامە دابنێی لەهەڵسو کەوتکردن لەگەڵیدا، بەلاُم هەربیرکردنەوەیەك بۆ رێکخستنی قسەو رەفتارت بۆ ژیان لەگەڵ ئیدریس، شتێکی زیادەو، خۆشت نازانی ئەو بەچی تورە دەبێتو بەچی تورە نابێت، زۆر جار لەوپەڕی تورەییتدا، ئەو رەفتارێك دەنوێنێت، ناچار سارد دەبیتەوەو لەو تورەییەت پەشیمانیو تەریق دەبیتەوە، زۆر جاری تریش لەوپەڕی موجامەلەو قسەی خۆشدا رەفتارێکی تر دەنوێنێت، کە بریندارت دەکاتو ناشزانی ئەمە لەپای چی؟ ئیدریس لەشیعرەکانی خۆی دەچێت، واتە ئەو زادەی شیعرەکانیەتی، نەك شیعرەکانی زادەی ئەو بن، لەکار کردندا پشووی درێژەو قسەو گفتی خۆشە، خۆ ئەگەر پێویستی بە کەلو پەلێکت بێتو تۆش هەر لەوکات پێویستیت بە هەمان شت بێت، ئەوەندە جوان دەجوڵێتەوە، ناچار دەبی بیسەلمێنی کە دەبێ هەر ئەو بەکاری بهینێت، نەك تۆ، ئەگەر پەکیشت کەوتبێت، ئیدریس بەزۆر شت بریندار دەبێت کە مرۆڤێکی تر لای ئاساییو زۆر شتی لا ئاسایین، کە مرۆڤێکی تر پێیان بریندار دەبێت .زۆر حەزیش دەکات بەرامبەرەکەی هەستی رابگرێت، بەلاُم لەکاتی گاڵتەکردندا هیچ شتێك نیە ئیدریس تورە بکات .پێویست بوو، بۆ گۆڤاری زنار قسەیەکی لەگەڵدا بکرێت، بەلاُم بەهۆی دووریەوە، ئەمە ئەستەم بوو، تەنیا بە ئیمەیڵ دەکرا، واتە پرسیارەکانی بۆ بچێتو ئەویش وەلاُم بداتەوە، ئەگەرچی ئەو جۆرە گفتوگۆیانە مردوونو چێژیان کەمترە، بەلاُم هەرچۆنێك بێت هەندێك لەقسەکانی ئەوم هەر دەست کەوتن، بۆ بلاُو کردنەوە.

ئیدریس عەلی دەربارەی ناونانی خۆی بەوناوە ووتی :باپیرم پیاوێکی ئیماندارو مەلابوو، ئەو ناوی منی نا )ئیدریس(و هەر ئەویش ناوی سەرجەم براو خوشکەکانمی ناوە، ئەو پێی خۆشبوو وەچەکانی پەروەردەیەکی ئاینی بکات، تەنانەت ناوی کچەزاکانیشی واتە پورزاکانم هەر ئەو ناوی ناونو ناوەکانیش زیاتر ئیسلامیانەن، بەلاُم کاتێك هەموو ئێمە واتە وەچەکانی ئەو کوڕەزاو کچەزاکانی گەورەبووینو چاومان بەرووی دنیایەکی ترو شێوازێکی تر لە ژیانو پەروەردەو بیرکردنەوە هەڵێنا، باپیرم هەر زوو زانی ئێمە ناچینە ژێر گاریگەری بیروباوەڕو بیرکردنەوەکانیەوە ..تەنانەت رۆژێك یادی بەخێر لەسەر نوێژکردن زەختی لەمن کردو منیش هەر ئینکاریم دەکرد بۆ ئەوەی نەچمە مزگەوتو نوێژ نەکەم کەچی تورە بوو لێمو پێی وتم )من بەهەڵە ناوم ناویت ئیدریس، ئەبوایە ناوم بنایتایە ئیبلیس(.. لەگەڵ ئەمانەشدا باپیرم پیاوێکی کۆمەلاُیەتیو خاوەن سومعەی تایبەت بوو، بەتایبەت لە ناوچەی هەڵەبجە، بەهەرحاڵ ئەو ناوی نام ئیدریسو ویستی ئیمانداریێك بمو دڵی ئەو خۆش بکەم، بەلاُم وەك ئاماژەم پێدا شتەکان بەدڵی ئەو نەبوونو من چومە ژێر کاریگەری ژیانو بیرکردنەوەیەکی تەواو جیاواز لەوی ئەو .

هەروەها سەبارەت بە مەلابوونی باوکی لەسەر شاعیربوونی دەڵێت :مەلابوونی باوکم نەبوە رێگر لەبەردەم گەشەکردنی فکریو ئەدەبی خانەوادەی ئێمە ..بەتایبەت من هەرلەمنداڵیمەوە جۆرێك لەسەرکێشیو گیانی بەرەنگاربوونەوەم تێدا بوو، ئەوان باش دەیانزانی من ئەگەر باوەڕم بەکارێك نەبێت نایکەم، بەتایبەت باوکم بیرم نایەت رۆژێك لەرۆژان چوبمە ژێر کاریگەرییەوە، بەلاُم جارێکیان کێشەی بۆ درووستکردم لای ئیسلامیەکان وتبووی ئیدریس لە شیعردا قسەی بە خوا وتووە، لەکاتێکدا شتی واش نەبوبوو، لەگەڵ ئەوەی باوکم مەلا بوو دایکم یادی بەخێر ژنێکی تێکۆشەرو رۆشنبیری شیوعی بوو، ئەو زیاتر هانی دەدامو زەمینەی خۆشدەکرد، بۆئەوەی زیاتر بخوێنمەوەو بنووسمو ئاسۆکانی روانینمی فراوان دەکرد، بیرم دێت شەوانی پایزو بێ کارەبایی بەدزی باوکمەوە چراکەی بۆ هەڵدەکردمو بەزمانێکی شیرین پێی دەگوتم ):ئیدە گیان هەستە

کتێب بخوێنەرەوە ..(من لە خۆشەویستی دایکمەوە تا هەنوکەش پێمخۆشە لەبەردەم چرادا بخوێنمەوە، بنووسم ..ئەوەشی پەیوەندی بە مەلایەتی باوکمەوە هەبێت بۆمن، تەنها رێگریەکەی ئەوە بووە کە پێی خۆش نەبووە بنووسمو بخوێنمەوە بەلاّم من یاخی بووم لە بیروراکانی ئەو.

دەڵێن شاعیر لەمنداڵیەوە هەڵگری چەند ئاکارێکی تایبەتە، ئیدریس بۆ ئەمەیان دەڵێت :هەموو سەرەتاکان لەمنداڵیەوە سەرچاوە دەگرن، سەرەتا خەونەکان گچکەن هێدی هێدی گەرە دەبن، جار هەیە مرۆڤەکان تەمەنیان هەڵدەکشێو گەورە دەبن، بەلاّم خەونەکان هەر بە بچوکی دەمێننەوە، مرۆڤی گەورە، دەبێت خەونی گەورەی هەبێت، من لەمنداڵی خۆمدا وەك پێشتر ئاماژەم پێدا زۆر شانازی بەوەوە دەکەم کە منالێکی یاخی بوومو بێ هاوکاری هیچ ئەندامێکی خانەوادە، دەستی خۆمم گرت، ئەزانی من تا ئەوکاتەی خۆم گەورە بووم و کتێبم هێنایە ماڵی خۆمان، لەماڵی ئێمەدا کتێب نەبوو، بەلاّم بەردەوام گفتوگۆی گەرمی سیاسی هەبوون ..کتێبی سیاسیو چپوهوڕی سیاسی هەبوون ..ئەگەرچی ماوەیەك کەوتمە ژێر کاریگەری سیاسیانەی براو ماڵەوە، بەلاّم دواتر روانینەکانم گۆڕانو زمانو دنیابینیو تەسەوراتێکی ترم بۆ درووست بوو، هەموو ئەمانەش ئەزمونی تاڵی ژیانی خۆم بەرهەمیان هێنا، پێچەوانەی هەر کەسێك کە دەڵێت چاوم کردەوە کتێبخانە لەماڵەکەماندا هەبوو، یاخود فلاّن کەس دەستی گرتم ..ئەمانە چەند ئاکارێك بوون لە منداڵی مندا بۆنی شیعریان لێدەهات ..بەلاّم لەهەموی گرنگتر بۆمن مانەوەم بوو لە بێدەنگیو خەیالاّتێکی قوڵدا ..ئەزانی هاوڕێم من بەردەوام بیرم لە شتێك دەکردەوە . .هەمیشە لە دڵی خۆمدا بۆ کەسێك دەدوام، ئەم بێدەنگیو غەرقبوونەم لە خەیاڵدا بەردەوام مایەی قبوڵنەکردن بوو لەماڵەوە، ئەوان پێیبان وابوو من دەردێکم هەیە، تەنها دایکم هەبوو خەیاڵی منی دەخوێندەوەو لێدەگەڕا لە بێدەنگی خۆمدا بتلێمەوە.

ئیدریس هەڵەبجەییە، هەڵەبجەش شەهیدە، ئەو دایکی کۆچی کردووە، ئەو سەرباز بوەو نەهامەتی زۆری چەشتووە ..بڵێی کامەیانە هۆی شاعیر بونیو کامیان لە ناوەرۆکی شیعرەکانیدا جێگای سەرەکی گرتووە؟ ئەو بۆ ئەمە دەڵێت:تۆ خۆت بیڵێ هاورێم خۆت بیڵێ کامیانە ..تۆ بەم پرسیارە دەریایەك قسەت بەروومدا کردەوە ..فرێتدامە نێو دارستانێك بیرکردنەوەو لە ژێر ئاسمانێك خەیالاّتدا بەرەلاّت کردووم ..من بلێم کامیان هاوڕێم ..ئاخر شیعرەکان خۆیان هاوارێکن لەمانە .. هەرکات شیعرێکی تازە دەنووسم دەمرم، نازانم چۆن چۆنی زیندوو دەبمەوە ..ئاخر کەوادەی شیعر نووسین دێت، ئیتر من منداڵێك سەربازمو پیرێکی خنکاوی کیمیایمو کەلاوەیەکم کە چاوەڕێی دەستێکی ئاوەدان دەکات ..ئیتر کاتێك وادەی شیعردێت، دەبمەوە بە درەختە تەنیاکەی حەوشەو بە باڵندە عاجزەکەی سەر شۆستە ..تکایە خۆت بڵێ کامیانە شیعرەکان سەرەو ژێرکە بزانە لە ژێر باڵی کامیاندام .

پاشان لەسەر موجامەلەی خوێنەر بۆ شاعیر پێی وایە کە مەرج نییە هەموو کەسێك هەموو کارێکی بەدڵ بێت، ئەگەر وابێت داهێنانو جوانی دەمرن، من کە بەرهەمێك بلاّو دەکەمەوە پێویستم بە موجامەلەو قسەی رەقی کەس نییە، نەپێمخۆشە دەستخۆشیم لێبکرێت، نە نیگەران دەبم خراپم لەسەر بلێن.

ئیدریس عەلی زۆر دەگرییێت، بۆ ئەمەشیان دەڵێ :بیرم نایەت زۆر پێکەنیبم ..بە لاّم گریان ئامادەییەکی بەردەوامی هەیە لای من ..ئەز بەزۆر شت دەگریام ..هەرگیز شەرمیشم نەبووە لەوەی لەکوێداو لای کێدادەگریم ..فرمێسك کەهات دەست نانێم بەروویەوە ..چێژێکی سەیر لەگریان دەبێنم هاورێم ..من بەزۆر شت دەگریم رەنگە زۆر عاتفی بمو زۆرشت کارلێبکات، بۆ نمونە من کەتەماشای فیلم کارتۆن دەکەم دەگریم، گۆرانیەك دەتوانێت بمکوژێت، جارجارە کە دەچمەوە بۆ هەڵەبجەو تێکەڵ بەسرووشت دەبم دەچمە ژێر دارێكو دەگریم ..خودایە من گریان بە گریان دادەگیرسێنم.

ئەو شاعیرە لەچاو تەمەنی خۆیدا منداڵتر دیارە، لەسەر ئەمەشیان قسەی خۆی دەکات :سدیق گیان ئەمەیان زۆر پێگوتوم، کەس بڕواناکات ئەمە موالیدی منە ..من ئاسایی وەری دەگرم زۆر دڵخۆش نیم بەتەمەن منداڵبم یان گەورە، گرنگ ئەوەیە بەم تەمەنەوە چیم کردووە یان دەبێ چبکەم بۆ داهاتوو.

**لای ئیدریس عەلی ئەدەبی گەنج بەو شێوەیەیە :شتێك نییە ناوی ئەدەبی گەنجانە بێت، ئەدەب ئەدەبەو داهێنان چ پەیوەندیەکی بە تەمەنەوە نییە، رامبۆی شاعیر لە تەمەنی بیستو یەك سالّیدا بوویە داهێنەرو شاعیرێکی جیهانی، زۆربەی رۆماننوسە جیهانیەکان بۆ نمونە ساراماگوای لەتەمەنێکی پیریدا داهێنانیان کرد، ئەم زاراوەیە دراوەتە پالّ دەقی کرچو کالّ.**

**لەدواییشدا بۆ بارینی کچی بەو شێوەیە هیوای خواست :بەمن بێت حەزدەکەم هەر لەئێستادا بژیو گەورە نەبێت، بەلاّم دیارە ئەمە قسەی قۆڕی شاعیرانەیە حوکمی ژیانو واقع ئەو گەورە دەکات، کە گەورەش بوو، خۆی تا ئەوپەڕی ئازادی ئازادە بەچیی دەبێت، من وەك هاوڕێیەك بۆچوونی خۆمی پێدەلّێم ئازادیشە بەگوێم نەکات، بەلاّم وەك رەئی خۆم پێمخۆشە ببێتە وێنە کێش، بۆ ئەوەی سکێچی پیریم بکێشێت.**

**زنار سوپاسی دەرفەتی ئەو شاعیرە دەکاتو پێشی وایە دیاریەکی تری بەخشیە خوێنەرانی خۆی، بەقسەکردن لەگەلّ ئەو شاعیرە هەست ناسکە، ماوەتەوە بلّێین لە ولاّتی ئێمەدا ئەگەر هەر خاوەن بەهرەیەك مافی خۆی وەرگرتبێت، ئەوا شاعیران، بیّ ماف دەنوسنو چاوەڕێی هیچ نین، تەنیا ئەوە نەبێت شیعریان لیّ داگیر نەکرێت .**